زانكۆی گەرمیان
University of Garmian

# هەڵچوون وەك دەركەوتەیەكی دەروونی لە دەقی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)ی شێركۆبێكەس-دا

**ئارام عمر علی ، ئاوات حسن والی**
**كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی هەڵەبجە**

پێشەكی

قۆناغەكانی خەبات و بەرخودانی گەلی كورد لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تایبەتمەندی جیاوازتری هەبوو، كۆمەڵێك ئایدییای گرنگی شۆڕشگێڕی و چالاكی سیاسی و سەربازی گەورەو بەرچاوی بەخۆوە بینی، لەنێو ئەم چالاكی و شۆڕشانەدا، مرۆڤی كورد بە هەموو چین و توێژێكەوە بە بیرو باوەڕێكی بەهێزو متمانەو لەخۆبووردەیی و فیداكارییەوە گیانی دەبەخشی، ماڵی دەبەخشی، تەنهاو تەنها لە پێناوی نیشتمان و نەتەوەو كوردایەتیدا، لەو پێناوەدا خەبات و ڕاپەڕین دژ بە چەوسانەوەی داگیركەران بەردەوامی هەبوو، تا ئەنجامی ئەو بەرخودانە، ڕاپەڕینی ئازاری (1991) بەرهەم هێناو كورد و دەسەڵاتی سیاسی كورد حكومڕانی وڵاتیان گرتەدەست، ئاسۆیەكی پڕ لە ئومێد بۆ نەتەوەی كوردو دۆزە ڕەواكەی هاتەبوون، تا دەیەی یەكەمی سەدەی بیست ویەك و سەرهەڵدان و دەركەوتنی دەنگ و ڕەنگ و ئاوازی ناڕەزاییەكان لە سیستەم و دەسەڵات و ئاستی خزمەتگوزارییەكان، ئەم حاڵە جۆرێك لە نائومێدی هێنایە نێو كایە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكان، تا وایلێهات دەنگەكانی ناڕەزایی هێندە گەورەبن گلەیی و گازندە یەخەی نیشتمان و نەتەوە و هەستی كوردایەتی بگرێت، لە ناو ئەو دەنگانەدا نوسەرو ڕۆشنبیر و شاعیرانیش بە قەڵەمەكانیان هاوشانی ئەو دەنگانە هاتنەگۆ، بەرهەمهێنانی دەقێكی واڵای پڕ لە تووڕەیی ((ئێستا كچێك نیشتمانمە)) زادەی نێو ئەو كایە سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە، مەنسوور تەیفوری لەبارەی ئەم دەقەی شێركۆوە ئاوا دەڵێت: ((بەدینەهاتنی ئایدییاكانی شۆڕش و سەرگەردانییەكانی مرۆڤی شۆڕشگێڕو ئەو بەشەی كۆمەڵگا كە چارەنووسی خۆی بەم بەهایانەو شۆڕشەوە گرێداوە، زەبرێكی گەورەیە لە شیعری شێركۆش دەدرێت))[1]، مەبەستی ئەو لادان و دەرچوونەیە لە فۆرم و ناوەڕۆكە نیشتمانییەكەی.

ناونیشانی توێژینەوە:

هەڵچوون وەك دەركەوتەیەكی دەروونی لە دەقی (ئێستا كچێك نیشتمانمە)ی شێركۆبێكەسدا

گیروگرفتی توێژینەوە:

كێشە و پرسیاری جەوهەریی توێژینەوە لێرەوە سەرهەڵدەدات، بەوەی: لە دۆخێكی شعریی ئاوهادا، چۆن دەتوانین (ئێستا كچێك نیشتمانمە) بە هەڵوێستێكی ڕادیكاڵی بزانین، لەسەر ئاستی تەمەن وئەزموون و دنیابینیی شێركۆی شاعیر؟

هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:

بە گرنگمانزانی لەم توێژینەوەدا كار لەسەر ڕاستكردنەوەی چەمكی ئەو هەڵە خوێندنەوە بكەین، كە بۆ بیروباوەڕو ئایدیای شاعیر كراوە ((ئێستا كچێك نیشتمانمە)) ئەو دیوانە یان ڕاستتر بڵێین: ئەو (دەقی واڵا)یەی شێركۆ، زۆرجار هەڵەتێگەیشتنێك لەبارەیەوە هەیە، بەوەی گوایە شاعیر لە بیرو بۆچوونە نیشتیمانییەكانی خۆی پاشگەزبووەتەوە، بۆیە دەمانەوێت كار لەسەر ڕاستكردنەوەی ئەو هەڵە تێگەشتنە بكەینەوە، بە بەڵگەی ئەوەی هەر پاش ئەو (دیوانە!)ی دەقێكی تری واڵای لە مانگی حوزەیرانی 2012 بڵاوكردەوە، بە ناونیشانی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)، كە بە هەمان نەفەسی شیعریی و بە هەمان دنیابینیی پێشوویەوە بەرانبەر بە پرسی نەتەوەو نیشتیمان بەرهەمی هێناوە.

گریمانەی توێژینەوەكە:

پێشگریمانەی ئەم لیکۆلینەوەیە ئەوەیە کە هەڵوێستی شاعیر هەڵچوونێکی دەروونی و کاتیی بێت، چونکە لە دیوانی دواتریدا (ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە)[٢]دا، کە دووساڵ دواتر چاپ بووە دەبینین گەڕاوەتەوە سەر هەمان هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی کە لەشیعری شێرکۆدا وەك پرەنسیپی شیعری کاریان لەسەر کراوە.

میتۆدی توێژینەوە: میتۆدی دەروونشیکاریی ورەخنەی دەروونی.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

لە پێشەکی و دوو بەش وئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی وئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت.

بەشی یەکەم: لە دوو تەوەرە پێکدێت:

تەوەری یەکەم:

1- چەمك و پێناسەکان(هەڵچوون، میتۆدی دەروونی)

2- بەکارهێنانی میتۆدی دەروونی بۆ شیکاری دەقی ئەدەبی.

تەوەری دووەم: هەڵچوون وکاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی.

بەشی دووەم: لەدوو تەوەرە پێکدێت:

تەوەری یەکەم: خوێندنەوەیەکی گشتیی دەقەکەوسەردەمی بەرهەمهێنانی.

تەوەرەی دووەم: ڕەنگدانەوەی چەمکی هەڵچوون و دەرکەوتەکانی هەڵچوونی دەروونی لە دەقەکەدا.

بەشی یەکەم/ میتۆدی دەروونی وکاریگەری هەڵچوون لەسەر دەقی ئەدەبی

تەوەری یەکەم: ١- چەمک و پێناسەکان:

هەڵچوون: ((حاڵەتێکی ویژدانی بەهێزە دەبێتە هۆی شڵەژانی دەروونی و فیسیۆلۆژی و هەندێ گوزارشت و جوڵانەوەی جیاواز))[٣]. هەروەها تایبەت بە هەڵچوون لە بەرهەمی بەرهەمی ئەدەبیدا(هەڵچوونی ئەدەبی): بەوە دەناسرێتەوە، کە دەبێتەهۆی وروژاندنی هەست و سۆز و دەروونی نوسەر و بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێی ئەدەبی، کەڕەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونییە نوێیەیە بۆ نوسەری دەقە هاتۆتەپێش، وە سەبارەت بە سۆزی هونەری، یان هەڵچوونی ئەدەبی لای خوێنەریش، دەتوانرێت بەوە بناسرێتەوە، کە هێزێکە لەدەروونی خوێندەری دەقی ئەدەبیدا بەهۆی خوێندنەوەی تێکستێکی ئەدەبییەوە بەرپادەبێت و پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژی و سۆزی لەنێوان خوێنەر و نوسەری دەقە ئەدەبییەکەدا بونیاد دەنێت[٤] . بەشێوازێکی گشتیش ئەو هەجۆرە هەڵچوونانەی، کە دەبنە سەرچاوەبنەڕەتییەکانی دەقی شیعری، بەم شێوەیەن [٥] :

١- ویستەمەنی کەبەرهەمەکەی ستایش وسوپاسکردنە.

٢- ترس کە ئاکامەکەی سکاڵاو داوای لێبوردنە.

٣- خۆشی وناخۆشی کە سەرئەنجامەکەی دڵداری و حەزکردن وباسی ئافرەتە.

٤- توڕەبوون کە هەجوو گلەیی وسەرزەنشتی دەهێنێتەبەرهەم.

میتۆدی دەروونی: بەکارهێنانی شیکاری دەروونی و لێکدانەوەیەکی دەروونیانەی ئاماژەکانی ناو بەرهەمی ئەدەبی و دەقی شیعرییە، بۆئەوەی ڕەخنەگر لەو ڕێگەیەوە بەرهەمەکە هەڵبسەنگێنێت. شتێکی ئاشکرایە، کە شیعر ئاوازی ڕاستەقینەی هەست و نەستی شاعیرە و لەهیچ سەردەمێکدا دەقی شیعری لەبابەتی دەروونی جیانەبووەتەوە[٦] . بنەمای کاری ئەم ڕێبازە لەشیکردنەوەی دەقەکاندا، گەڕانە چۆنییەتی ئەنجامدان، یان دروستکردنی بەرهەمی ئەدەبی و ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە تا چ ڕادەیەک بەرهەمەکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی دەروونی نوسەرەکەیەتی. هەروەها گەیشتن بەوڕاستییەی، کە خوێنەر چۆن دەتوانێت، بەهۆی خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکەوە، بیروباوەڕ و هەست و سۆزی نوسەر هەست پێبکات و لەگەڵ بارودۆخەکەیدا بژی و پەیوەندییەکی سۆزی وئایدۆلۆژی لەگەڵدا دروستبکات[٧] .

٢- بەکارهێنانی میتۆدی دەروونی بۆ شیکاری دەقی ئەدەبی

ئەگەر ئێمە سەرنجبدەین (بەشێوەیەکی گشتی بەهەموو شێوە نوسینێک دەوترێت: ئەدەبیات، بەڵام بە واتایەکی تایبەتی بە هەموو ئەو بەرهەمە بەرز و شازانە دەوترێت، کە تێیدا لایەنی هەست و سۆز و خەیاڵ زاڵە)[٨] .هەوەک لە سادەترین پێناسەیدا دەق ئەدەبی: بریتییە لە کۆمەڵە دەقێك کە هەڵگری ڕەهەندی هونەرین، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خوێنەر و گوێگر دروستبکەن[٩] . هەربۆیە بەکارهێنانی تیۆری دەروونی بۆ شیکردنەوەی دەق ئەدەبی بەگشتی و دەق شیعری بەتایبەتی، لە کایەی ڕۆناکبیری ئەمڕۆی جیهاندا، بایەخێکی زۆری پێدەدرێت[١٠] ، چ بۆ گەیشتن بێت بەواتای ڕاستی ئەو هێما و ئاماژانەی، کە شاعیران لەبەرهەمەکانیاندا بەکاریانهێناوە، یان لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقەکەوە، خوێندنەوە بۆ باری دەروونی و پاڵنەری پشت بەرهەمە ئەدەبییەکە بکرێت، بەواتایەکی تر پەیوەندی نێوان دەق ئەدەبی و شیکاری دەروونی، پەیوەندییەکی ئیجگار بەهێزە[١١]. پەرەسەندنی بەکارهێنانی میتۆدی دەروونی لە بواری شیکردنەوەی دەق ئەدەبیدا، بەتایبەتی لەو کاتەوە بووە، کە زانای دەروونناس(سیگمۆند فرۆید) بیروڕاکانی خۆی لەبارەی شیکاری دەروونی و پاڵنەری پشت ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە خستەڕوو، ئەویش بە قسەکردن لەبارەی بونیادی کەسایەتی مرۆڤ و سەرچاوەی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی تاک، کە (فرۆید) دابەشیکردوون بۆ (ئەو، من ، منی باڵا)[١٢] .

ئەو: نوێنەری لایەنی بایۆلۆژی مرۆڤە[١٣] و ((هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لەکاتی لەدایکبووندا هەیەتی))[١٤]، واتە هەموو هەست و سۆز و حەز و خولیا و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ یاسا و دەستور و بنەمایەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئاینی ... . ئامانجی سەرەکی(ئەو) بریتییە لە چێژوەرگرتن، جا چ چێژی جەستەیی بێت یان چێژی دەروونی و یان پێکەوە بەشداربوونی جەستەو دەروون لە پرۆسەی چێژوەرگرتندا. لایەنی (ئەو) بەشێکی زۆری ژیان و کەسایەتی مرۆڤ پێکدەهێنێت، بەڕادەیەک ((هەموو ئەو توێژینەوانەی لەسەر بزوێنەری(ئەو) کراوە، دەرکەوتووە (٧٠٪)ی کەسایەتی مرۆڤ داگیردەکات، ئاڕاستەی نێنەری تاکە بۆ هەموو کارەکانی نهێنی و ژیانی ڕۆژانە))[١٥] .

(من): نوێنەری لایەنی دەروونی و هەستەکانی مرۆڤە[١٦] و ((ئەنجامی پەیوەندی دەرکەوتەی نێوان هەستەکان و کردارەدەمارییەکانە))[١٧] . کاتێک مرۆڤ کۆمەڵێک حەزو خولیا و ئارەزووی هەیەو دەیەوێت ئەو شتانە لەڕێگەی جیاوازەوە بەدەستبهێنێت، بەڵام بەهۆی یاساو دەستورو ئاین و پەیوەندییەکۆمەڵایەتی و خێزانی و ئەخلاقییەکانەوە تێرکردنی حەزەکانی سانسۆردەکرێن و خەفەدەکرێن، بەڕێگای بەدیل(جێگرەوە) دەردەکەونەوە کە لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا بگونجێن و لەیاساباوەکانی کۆمەڵگا لانەدەن، ئەو دەرکەوتەیە(من)ە، بەواتایەکیتر، (من)ئەو مرۆڤەیە کە لەناو کۆمەڵگادا دەژی و ڕەفتاروگوفتارەکانی ڕۆژانەی لەگەڵ چینوتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادایە. ((ئەرکی (من) پاراستنی خود—ە لە مەترسییەکانی جیهانی دەرەکی و ئەو غەریزانەی کە چاوگەکەیان (ئەو)ە، لەڕێگەی دواخستنی تێربوونیان یان لەڕێی سەرکوتکردن وە ئاگادارکردنەوەیان))[١٨]
.

(منی باڵا): کۆتا بەشی کەسایەتی مرۆڤە، کە نوێنەری دەروونی بەها کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانە، کە لەلایەن خێزانەوە ئەگوازرێتەوە بۆ منداڵ و لەڕێگەی قەدەغەکردن و سەرزەنشت و پاداشتەوە دەچەسپێت[١٩]. واتە (منی باڵا) ئاماژەکانی ناخی مرۆڤ لەڕێگەی پەروەردەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ... ، دەبەستێتەوە بە ئەو بیرکردنەوەو گوفتارو ڕەفتارانەی کە لەواقیعدا دەردەکەون. (( (منی باڵا) لەلایەکەوە دژی دەرکەوتەو دیاردەکانی(ئەو)ە، لەلایەکیتریشەوە حەزئەکات پێوەرە ئەخلاقییەکان بخاتە شوێنی پێوەرە مەنتیقییەکانی(من) ))[٢٠] .

تەوەری دووەم: هەڵچوون و کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی دەق ئەدەبی

کاتێک باسی بەرهەمێکی ئەدەبی یان شاکارێکی هونەری دەکرێت، بەتایبەتی لەڕووی دەروونییەوە لێکدانەوەی بۆدەکرێت، پێویستە ئەو بارودۆخە بخرێتەڕوو، کەدەبێتەهۆی لەدایکبوونی دەقە ئەدەبییەکە. پەیوەندی نێوان باری دەروونی شاعیر و دەق شیعری، هێندە پەیوەندییەکی بەهێزە، کە تەنانەت شیعر دەچوێنرێت بە جۆرێک لە هەڵچوون، کە کۆمەڵێک ئاماژەی تێدایە ناخ دەوروژێنێت و خودو بابەت یەکدەگرن[٢١]. کەواتە هەموو گۆڕانکارییە دەروونییەکان، کە ئەوانیش لەژێر کاریگەری دەرەکی یان بەهۆی ململانێی حەزەکانی(ئەو) لەگەڵ پێوەرەکانی واقیعدا دروستدەبێت، جێکەوتەی لەکار و گوفتاری تاکەکاندا دەردەکەوێت، جا کاتێک تاک شاعیرە جێکەوتەکان جیاوازە لە چیرۆکنوسێک، هەروەک چۆن چیرۆکنوسێکیش جیاوازە لە میوزیکژەنێک ، ... ،چونکە ((هەموو شتێک لەبواری دەروونیدا کە ڕوودەدات دەبێت هۆکارێکی هەبێت))[٢٢]. هەڵچوونیش لەڕووی دەروونییەوە:

((حاڵەتێکی ویژدانی بەهێزی کوتوپڕی لەناکاوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆئەندامی جەستەیی و دەروونی تاک دەبێت و کۆمەڵێک نیشانە لەتەک خۆیدا دەهێنێ))[٢٣] و دەبێتەهۆی چالاکبوونی هێز و وزەی تاک، بەڕادەیەک: ((چالاکی و جوڵە و هێزی مرۆڤ لەکاتی هەڵچووندا دەگاتە ترۆپک))[٢٤] . کەواتە بەستنەوەی هەڵچوون بە دەروونی شاعیرەوە، دەمانگەیەنێت بەو ڕاستییەی کە جوانترین دەقەکان لەو کاتانەدا لەدایکبوون، کە شاعیر لەحاڵەتێکی دەروونی هەڵچوونیدابووە. ئەوەش بەپێی بارودۆخ و پیگەی شاعیر لەکاتی هەڵچوونەکەدا، جۆری کاردانەوەکەش دەگۆڕێت و کاریگەری ڕاستەوخۆش دەکاتە سەر بەرهەمی ئەدەبی. بۆنمونە لەو ڕوانگەیەوە، کە دەوترێت:((لەڕێگەی هەڵچوونەکانیشەوە دەتوانین لەهەندێ حاڵەت بەرگری لەخۆمان بکەین و خۆمان لەمەترسییەکان بپارێزین))[٢٥] ، شاعیرێک بەدرێژایی ئەزموونی شیعری خۆی، لەسەنگەری بەرگریبووە لە دەسەڵاتێکی سیاسی دیاریکراو، یان بێدەنگبووە لەبەرامبەر هەموو نادادیی و ستەم و گەندەڵی دەسەڵات، بەڵام کاتێک زەمینەی گۆڕانکاری دروستدەبێت، یاخود ناڕەزایی خەڵک دژی شێوازی بەڕێوەبردن و ژیانی ڕۆژانەیان دەتەقێتەوە، شاعیریش وەک هەر تاکێکیتر حاڵەتێکی هەڵچوونی بۆدروستدەبێت و لەنێوان پەستانەکانی(ئەو) و هەستی ویژدان(منی باڵا) و نێوەندگیرییەکانی(من)بۆ لەنگەرگرتن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا، لەو نێوەندەدا بەرهەمێک دروستدەبێت جیاواز لەئەزموونی پێشووی شاعیر، کە دەکرێت دوو ئامانج لەپشت بەهەمەکەوە هەبن:

یەکەم/ شاعیران و نوسەرانی گەورەی جیهان، هەمیشە هاوسۆزی ئازار و خەمەکانی گەلی خۆیانبوون و پێشەواییانکردوون لەدژی دەسەڵاتی پاوانخوازو ستەمکاریی، لەبارەی بەرهەمی شیعریشەوە لەبارودۆخێکی وەهادا، دەوترێت: ((ئەو ئەدەبیاتەی نەتوانێت ببێتە تەورێک و سەهۆڵبەندانی شەوەزەنگی بێدەنگی پارچە پارچە بکات، هەر بابەتی سوتاندنە و هەر شایانی توڕهەڵدانە))[٢٦]، کەواتە لەبارودۆخێکی لەو شێوەیەدا، کە خەڵک دەنگی ناڕەزایی دژی نادادی و خراپی سیستەمی سیاسی بەرزکردووەتەوە، شاعیر باش ئەزانێت، کە ئەگەر بەرهەمەکەی هاوسۆز نەبێت لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵک و لەبری وەسفکردن و پێداهەڵدان بە وتاری سیاسی باو نەکەوێتە ڕەخنەگرتن، ئەوا چیدی نە بەرهەمە ئەدەبییەکەی و نەخودی کەسایەتی شاعیریش نرخ و بەهایەکی ئەوتۆیان لای خەڵک نامێنێت، چونکە ((ئەدەبیات خەمی مرۆڤی بەکۆڵ خۆیدا داوە و لەپێناوی ناسینی مرۆڤ دێتەنووسین))[٢٧]، واتە دەکرێت لەبەر ئەو هۆکارەی لەسەرەوە باسمانکرد، بەرهەمی ئەدەبی یاخود شیعر وەک کەرەستەیەک بەکار بهێنرێت بۆ پاراستنی پێگەی شاعیر و بەرهەمەکانی لەنێوخەڵکدا .

دووەم/ شاعیر وەک هەرتاکێکی تری ناو کۆمەڵگا، هەست و سۆزو ویژدان و ڕەوشتی هەیە و ئەگەری ئەوەی هەیە، ئەو ململانێیەی کە لەنێوان حەز و ئارەزووەکانی(ئەو)ی ناخدا هەیە بۆ پلەوپۆست و خۆشگوزەرانی و پارە، هەروەها هەوڵەکانی(من)ی واقیعی بۆ ئەوەی بەرهەمی شاعیر بە بێلایەنی و نەمری بهێڵێتەوە، هەندێکجار کەسایەتی(منی باڵا) وەرچەرخانێک دروستدەکات و کاتێک شاعیر ناڕەزایەتی و توڕەیی خەڵک دەبینێت، ویژدانی زاڵدەبێت بەسەر حەزو ئارەزووەکانیدا و بڕیاردەدات ڕابەرایەتی خەڵک بکات و پەیامەکانیان بەرزبکاتەوە. واتە واز لەو شێوازە دەهێنێت کەپێشتر بەرهەمەکانی پێی ناسراوە یاخود خۆی ناوبانگی پێدەرکردووە. ئەگەر ئەم هەڵوێست و شێواز گۆڕینە بۆ ماوەیەکی کاتی نەبێت و لەژیان و بەرهەمی داهاتووی شاعیردا بەردەوامی پێبدرێت، ئەوا ئەو هەڵچوونەی لە ناخی شاعیردا گڵپەی سەندووە، هەڵچوونێکی ماوەدرێژو داهێنەرانەیە، کە لەگەڵ خۆیدا عەقڵ و ژیری ئاڕاستەدەکات و کرۆکی شتەکان دەبینێت نەک تەنها ڕووکەشی ڕووداوەکان[٢٨] .

بەشێوەیەکی گشتی هەڵچوونی شاعیر دەکرێت هەڵچوونێکی داهێنەرانەبێت و ببێت بەهۆی گۆڕینی سەنگەری شاعیر لەسەنگەری بەرگری لە دەسەڵاتی سیاسی یاخودبێدەنگبوون لەنادادی و گەندەڵی دەسەڵات بۆ سەنگەری خەڵکی ناڕازی و ڕەخنەگرتن و یاخیبوون لە بارودۆخەکە، لەئەگەری نەگەیشتنە ئەنجامی ناڕەزایەتییەکان یان کپکردنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک، شاعیر لەسەر ئەو شێوازە نوێیەی ڕخنەگرتن بەردەوامدەبێت کە دەستیپێکرددووەو ناگەڕێتەوە سەر بەرگریکردن و ستایشکردنی ئەو دەسەڵاتە یان ئەو سیستەمەی خەڵک دەنگی ناڕەزاییان دژی بەرزکردبووەوە، کەواتە لێرەدا (منی باڵا) لەڕێگەی ویژدان و بنەمای ڕەوشتییەوە کۆنترۆڵی کردار و گوفتارەکانی تاک دەکات.

بە پیچەوانەی هەڵچوونی داهێنەرانەوە، جۆرێکیتر هەڵچوونمان هەیە،کە هەڵچوونێکی سادە و ساکار و کاتییە ((هەڵچوون بارودۆخێکی لەناکاوە، مرۆڤ تێیدا هەست بە شڵەژان دەکات، بەخێرایی لەگەڵ نەمانی سەرچاوەی هەڵچوونەکەی هاوسەنگی

خۆی بەدەست دەهێنێتەوە))[٢٩]، ئەم جۆرە هەڵچوونە بەرهەمێکی تایبەت و ناوازە دروستدەکات و شاعیر بۆ چەند ساتێک دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی دەوروبەرو لەگەڵ نارەزاییەکانی خەڵکدا،دەکەوێتە هەڵوێستوەرگرتن و رەخنەگرتن لەو شتانەی کە سەردەمێکی زۆر بەلایەوە پیرۆزبوون و لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا چاوپۆشی لە کەموکورتی و ناتەواوییەکانی کردووە، ئەم هەڵوێستە زۆر ناخایەنێت و بە تێپەربوونی کات و دوای کپبوونەوەی دەنگی نارەزایی خەڵک، شاعیر دەگەڕێتەوە سەر رێڕەوە شیعرییەکەی پێشووی خۆی. فرۆید ئەم جۆرە هەڵچوونە بە شێوازەکانی بەرگری ناودەبات و ئاماژە بۆئەوەدەکات، کە هەموو تاکێک بۆ بەرگریکردن لەخۆی لەبەرامبەر دەرکەوتنی حەزەکانی(ئەو) و فشارەکانی (منی باڵا) دەست لەهەندێک کاری نائاگاییانە دەدات، کە پێیان دەوترێت: میکانیزمەکانی بەرگری، کە ئەم میکانیزمانە(شێوازانە) دوو خاسییەتی هاوبەشیان هەیە:

یەکەم/ بەشێوەیەکی نائاگاییانە ئیشدەکەن و لەواقیعداڕۆڵی خۆهەڵخەڵەتێنەرانەیان هەیە

دووەم/ دەبنەهۆی لەناوبردنی پەیبردنی ئێمە بۆ واقیع[٣٠].

بەشی دووەم:

تەوەری یەکەم: (خوێندنەوەیەکی گشتیی دەقەکەوسەردەمی بەرهەمهێنانی) ئەو هۆکارانە چین، کە شاعیرپێی کاریگەر بووە؟

شێرکۆ بە درێژایی تەمەنی خۆی و ئەزموونە شیعرییەکەی، هەرگیز نەیتوانیوە لەو پرەنسیپە گشتییانەی هێڵی بیرکردنەوەو دنیابینی خۆی لابدات، بەتایبەت بەرانبەر بە مەسەلەی نیشتیمان و نەتەوە، بەشێوەیەك کە دەتوانین بڵێین: سێینەی (مێژوو، کورد و تراژیدیا) کۆی ئەزموونی ئەم شاعیرە پێکدەهێنن، هەربۆیە ئێمە لەم توێژینەوەدا هێندەی دەمانەوێت جەخت لەسەر کاریگەرییە دەروونییەکان بکەینەوە لەسەر خودی شاعیرو هۆکارەکانی ئەو تورەبوون و یاخیبوونەی لە ئەنجامی هەڵچوونەوە لە دەقەکەدا رەنگدانەوەی هەیە، هێندە نامانەوێت دەقەکە بدەینە بەر دیدێکی رەخنەیی یان لایەنی ئیستاتیکی دەقەکە هەڵسەنگێنین، چونکە ئەو هەڵچوونەی لەدەقەکەدا وەك حاڵەتێکی دەروونی هەستی پێدەکرێت وامان لێدەکات بەدوای هۆکارەکانی ئەو کاریگەربوونەوەبین، تا بتوانین خوێندنەوەیەکی دروست بۆ دەقەکە بکەین، چونکە شیعر ((دەربڕینێکی ناراستەوخۆیە لە هەندێ سۆزی زۆر بەهێزدا))[٣١]، بۆیە دەمانەوێت رێگاکانی ئەو دەرئەنجام و گریمانانە بدۆزینەوە کە دەمانگەیەنێت بە راستی هۆکارەکانی هەڵچوون لەلای شاعیر، ئایا سەرهەڵدانی حاڵەتێکی کپکراوەیی پێشوەختە یان دەرەنجامی کۆمەڵێك هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و ترس و دڵەراوکێیە، کە وا لە شاعیر دەکات لە پرانسیپە گشتییە چەسپاوەکانی بیروباوەرو ئایدیاکانی خۆی دەرچێت؟ ئایا لای شاعیرئەو دەرچوونە حاڵەتێکی کاتییە یاخود بەردەوامی هەیە؟، هەربۆیە ئێمە قسەی زیاترلەبارەی هەڵچوونەوە دەکەین و وەزیفەی توێژینەوەکەش شیکردنەوەیەکی فۆرمی دەقەکان نییە بەتەنها، بەڵکو قوڵبوونەوەو بەدواداچوونی هۆکاری هەڵچوونەکانی لایەنی دەروونی شاعیرە.

وەك ئاماژەمان پێدا ئەم دەقە نابێتە پێوەرێکی چەسپاو و دەلاقەیەکی رەخنەیی بۆ خوێندنەوەی هەڵوێستە رادیکاڵییەکانی شاعیر لەمەر نیشتمان و نەتەوە، کە ئەمە بەلای بەشێکی بەرچاوی خوێنەرانی بەرهەمەکانی شێرکۆوە مەحکەم و نەگۆڕە، کە شاعیر هێندەی بۆ نیشتمان و نەتەوەو خاکەکەی نوسیوە دەتوانرێت لە ریزی پێشەوەی شاعیرانی خەباتکارو بەرگریکار لە نیشتمان ناوزەدی بکەین، کاتێك دەقێکی دواتری شاعیر دەخوێنینەوە(ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە).

هەر لەم بارەیەوە بەختیار عەلی ئاوا ستایشی رۆڵی نیشتمانپەروەری شێرکۆ دەکات: ((شێرکۆ بێکەس لە یادەوەری ئێمەدا وەك شاعیری نیشتمان ناسراوە، بەو مانایەی نیشتمان بابەتی سەرەکی و وشەی سەرەکی ئەزموونی ژیان و شیعری شێرکۆیە، نیشتمان بە وێنە جیاوازو تراژیدییە جیاوازەکانییەوە بابەتی سەرەکی ئەم شاعیرە بووە))[٣٢].

پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات، ئەی ئەو زمانە شیعرییە و ئەو دیدە رەخنەییە قوڵە چییە؟ کە شاعیر دەقەکەی پێنووسیوە و بەریتمێکی زۆر قوڵ لە یاخیبوون و نائومێدیی و گومانەوە بەرانبەرنیشتمان دواوە، وەك خۆی دەڵێت: ((ئێستا کچێك نیشتمانمە، کتێبی بێزاربوونی گەنجێکی ئەم رۆژگارەیە. وەرسبوون لە هەموو شتێکی نیشتمان. لە هەموو گەمە ناشیرینەکان. کتێبی چاوەروانییە نائومێدەکانە. کتێبی خەونە کوژراوەکان. لە راستیدا ئەوەی ئەم بەرهەمە لەهەموو بەرهەمەکانی ترم جیادەکاتەوە ئەوەیە: کە چیتر نیشتمان و مەسەلە پیرۆزەکان بە موقەدەسی نامێننەوە، یاخیبوونە لە ئێستاو رابردووی خۆم، دەستبەردانە لەو

نیشتمانەی کە پێشتر هەموو وزەو ڕۆحێکی خۆم پێبەخشیبوو))[٣٣]، کەواتە خۆیشی دەڵێت: کتێبی بێزاربوونی گەنجێکە، ئەرکی ئێمەیە سۆراغی ئەو بێزاربوونە لە دەقەکەدا بکەین، تا ئەوەی دەمانەوێت وەك ئەنجام پێیبگەین پشتیوانێکی تەواوی زانستیی بێت بۆ هەڵسەنگاندنەکەمان.

شێرزاد حەسەن لەوپەڕی گومانەوە لەبارەی ئەم دەقە والآیەوە دەڵێت:((یەکەمین مانفێستی پڕ لە گومانی شاعیرە بەرانبەر نیشتمانێك، کە بەهەموو تەمەنی خۆی گۆرانی بۆ چڕی)) [٣٤] ،ئەمە دەمانگەیەنێتە ڕاستییەکی تر کە شاعیر((بەشێك لە هەستەوەری زیندووی لە خەڵکانی دیکە زیاترە، جۆشێکی بەهێزە...زانیاری سروشتی مرۆڤی فراوانترە، گیانی تەواو گەمارۆ دراوە))[٣٥]، کە ڕەنگە بەشێك لە هۆکارەکانی جۆشدانی حاڵەتی دەرونی شاعێر ئەو هەستە قوڵە بێت، نەك کەوتنە نێو شەپۆلی ناڕەزاییەکانی خەڵك بە بێ ئاگایی. ئەمەی لە سەرەوە وترا دەلاقەیەکی فراوان لەبەردەم ئێمە والآدەکات، تا بە وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییەی باسمان لێوەکرد لەگەڵ ئەو تێڕوانینانەی ئاماژەمان پێداوەو خودی بۆچوونەکانی خۆی لەگەڵ پێوانەکردن بە دەقەکانی دواتری شاعیربگەینە ڕاستی بۆچوونێك، کە زۆرتر کارەکانی ئێمە لە چوارچێوەی گریمانەی هەڵچوونی دەروونی نزیکدەکاتەوە.

تەوەرەی دووەم/ ڕەنگدانەوەی چەمکی هەڵچوون و دەرکەوتەکانی هەڵچوونی دەروونی لە دەقەکەدا:

1- حاڵەتی ناجێگری دەروونی تاکی کورد، لە ساتەوەختی نووسینی دەقەکەدا، دەرکەوتەو کاریگەرییەکانی ئەو ژینگەیە لەسەر شاعیر.

کاتێك بارودۆخێکی ناجێگرو ناسەقامگیر ڕوو لە گەل و کۆمەڵگایەك دەکات، ناکرێت هیچ کەسێك تاوانباربکرێت بە لادان لە هەندێ پرانسیپی گشتی و باو. بەڵکو گونجاوترە بە شوێن هۆکارەکانی ئەو لادانانەوە بێت، کە ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش بێت مرۆڤێك وا لێدەکات لە دیدو ئایدیای چەسپاوی خۆی لادەدات و بە جۆرێك ڕەوایەتی بەو لادانانەش دەبەخشێت. ئەم دەروازەکردنەوەیە بە جۆرێك خۆدەربازکردنە لە موقەدەسکردنی هەندێ چەمك تا ئەگەر نەتوانێت چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکانی دەوروبەر دابنێت خۆی بێبەریبکات لە هەموو هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کێشەکان و نواندنی هاوسۆزی بەرانبەر خەڵك. لەوەها ڕۆژگارێکدا ئەو دەقە بەرهەمهاتووە، دەکرێت بڵێین شاعیریش وەك کارەکتەرێکی بەرکەوتەی هەستناسك، کە دەرکی بۆ بینینی شتەکان خێراترو جیاوازترە لە کەسانی ئاسایی لەگەڵ شەپۆلی ناڕەزاییەکانی خەڵك لەنگەری گرتبێت، بە نوسینی شیعر و بەرهەمهێنانی دەقێکی والآ گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی خۆی کردبێت و بە دەنگێکی دلێرەوە پشتیوانی لە داخوازییەکانی خەڵك کردبێت، بەڵام ئەوەی جێگای مشتومڕە، زۆر توڕەتر لە خەڵك هەستی خۆی بەرانبەر نیشتمان دەربڕیووە، کە ئەمانخاتە نێو دنیایەك گومان وتێڕامان چۆن دەکرێت شێرکۆ بە نەفەسێکی هێندە توندەوە بێتەگۆو؟ بڵێت:

لەئێستادا
دەمووچاوی نیشتمان
لە دەموو چاوی پەنجەرەیەکی چڵکن ئەچێ
کە بەردەوام داخرابێ و
گرژو مۆن و ساڵی جارێك پێنەکەنێ! ئیستا کچێك... ، ل ٦٧

پەیامێکی شاراوە لەم چەند دێڕەدا هەیە، کە دەیەوێت پێمان بڵێت: نیشتمانێك نەتوانێت بۆ خەڵکەکەی ساڵی جارێك پێبکەنێت، وەزیفەی خۆی لەدەستداوە. خەڵکیش پەیامی پابەندبوونی خۆی لەدەستدەدات. لەگەڵ ئەوەشدا توڕەبوونەکەی خۆی ناشارێتەوەو زۆر بە ئاگاییەوە بە نیشتمان دەڵێت:

نە بەرد لێتئەگەڕێ هەناسە بدەیت و
نە ماڵ جێگەت ئەکاتەوەو
نە جادەش بەسەریا بڕۆیت!
ئەی نیشتمانی بێ گوێچکە!
وا نەزانی ئەم توڕەبوونە

هەر تورەبوونی سەری خۆمە! ل ١٨٠

ئەوە ڕوونە شاعیر گوزارشتی لە حاڵەتی دەروونی خۆیکردووە، بەڵام بۆ خەڵك و خوێنەرەکانی خۆی جۆرێك لە هاوسۆزی نیشاندەدات. ئەوەی سەلمێنراوە، کە دەق هێندەی بۆ ڕەنگدانەوەی حاڵەتە دەرونییەکانە، هێندەش بۆ جێهێشتنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر((چونکە ئەگەر دەق کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ژمارەیەکی زۆری وەرگران لە بارودۆخی جۆراوجۆردا، هەر دەبێت بەهایەکی بابەتی ئەوتۆی هەبێت، کە بەهای خودی تێپەڕێنێت بە نیسبەت داهێنەرەوە، ئەو بەهایەیە کە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی بۆ بەدەستدێنێت))[٣٦] .

لێرەوە سەرنج دەدەین لەحاڵێکی گرنگ، هەرچەندە بەپێی خوێندنەوەی دەقەکانی پێشتر و دواتری ئەم دەقەی شاعیر لەوە حاڵی دەبین سنورەکانی پیرۆزی لای شاعیر بەرامبەر نیشتمان چەسپاو و نەگۆڕە، بەڵام ئەو سنورانە تەنها لەسەر ئەزموون و سۆزی تاکە کەس ناوەستێت لە کاتێکدا ژیان خۆی لە ژێر کارتێکردن و کاریگەریدا بەردەوامی هەیە، بەلای کارل یۆنگ وایە: ((کە کەسایەتی مرۆڤ سنورەکانە، تەنیا لەسەر ئەزموونی تاکەکەسییەوە ناوەستێت، بەڵکە درێژدەبێتەوە تاکو ئەزموونی مرۆڤایەتی و کۆمەڵ))[٣٧] .

ئەوەیە شاعیر باس لە خەمی قەڵەمێکی گەنج دەکات، کە سەرکێشی دەکات و خۆی دەخاتە بەردەم مەترسی گەورە،

بەیانیت باش

من ناوم ((قەڵەم))ە

لەناو پەنجەکانی (با)یەکی گەنجدام

خاوەنەکەم هەمیشە

هەتاوم پێ ئەنووسێتەوە.

ئەو سڵ لە هیچ تارماییەك و

لاستیکێکی خەت کوژاندنەوەی

مقەستەکان ناکاتەوە

یەکێك لە پێوەرە ڕەوشتییەکان، کە شاعیر دەیکاتە خاڵێك بۆ هەڵسەنگاندنی وەزیفەکانی نیشتمان بەرانبەر بە هاوڵاتییانی، نەبوونی ترس و دڵەڕاوکێیە، ئەمە حاڵەتێکی دەروونییەو سەرچاوەو بەهانەیەکە بۆ هەڵچوون، ئەوەتا هەر لەو چەند دێڕەدا لە زمانی قەڵەمەوە دەنوسێت:

من هەندێ جار کە ئەو پێم ئەنووسێت

دڵم ئەکەوێتە خورپەخورپ

نایشارمەوە ئەترسم!

چونکە ئەو یان دەمامکی

شاخێکی گەورە هەڵدەداتەوە

یان چنگ ئەنێتە چنگی ڕەشەبایەکی دڕ! ل ١٥٤

ئەمەیە شاعیر تورە دەکات لە نیشتمان و توشی هەمان حاڵەتی ناجێگیری دەروونی دەکات و کاریگەری هەمان ژینگەی ترس و تۆقاندن وادەکات هەڵچوونەکانی بەدەردەکەوێت.

شێرکۆ لەم دەقەدا لەنیشتمان تۆراوە، ناکۆکی و ململانێی لەگەڵ چەمك و ناوەرۆکی ئینتمادا هەیە، ئەو پێی وایە نیشتمانێك نەتوانێت نانێك بۆ برسییەك دابین بکات، ئینتمابوون بۆ ئەو نیشتمانە هیچ واتایەکی نییە:

ئەمشەو نیشتمان لە خەوما

بووبوو بە یەك نانی گەورە

منیش برسی .. برسی.

وەختێ ویستم پارچەیەکی لێکەمەوە
نان بووەوە بەهەویرو
هەویر بووەوە بە ئاردو
ڕێچکە ڕێچکەش لە ئاردەوە
کێچ و ئەسپێ هاتنە دەرێ! ل ٦٣

لە خوێندنەوەو شرۆڤەکردنی تێکستەکەدا بە ئاشکرا هەستدەکەین، شێرکۆبێکەس لە ڕیزی پێشەوەی خەمخۆری و ئازارەکانی خەڵکی نیشتمانەکەیەتی و دەیەوێت نوێنەرایەتییەکی ڕاستگۆو دەنگێکی دڵێری ئەوان بێت. بۆیە لە کۆی دەقەکەدا جۆرێك لە بەراوردی نێوان ژیانی چینە دەستڕۆشتووەکەی نیشتمان و خەڵکە بێحاڵ و بێلانەکانی ئەو نیشتمانە دەکات، کێشەکانی خەڵك چەمکێکی هێندە فراوان و فرە ڕەهەندو فرە جەمسەرە، کە قسەکردن لە بارەیەوە زۆری دەوێت، کاریگەرییەکانی بە ئاشکرا بەسەر شاعیرەوە هێندە زۆرە کە بە نیشتمان بڵێت:

من چیم ئەویست لە نیشتمان
جگە لەوەی کە نانێك و کە کونجێکی
دڵنیایی و گیرفانێکی بە حورمەت و مشتێ
هەتاوی ئارام و بارانێکی خۆشەویستی و
پەنجەرەیەکی کراوەی سەر ئازادی و عەشقم باتێ ل ٢٨٦

هەموو مرۆڤێك خواستەکانی وەك دەلاقەیەکی ئاسودەیی دەبینێت بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئارام لەو کاتەی ئەو هۆکارانە دەستناخرێن و ڕێگری دروستدەبێت، ژیانی تاك و بەشێك لە کۆمەڵ دەکەوێتە نێوان دووڕیانی ژیان و مەرگ، ئەو کاتە هەموو پیرۆزییەکان دەکەونە ژێر پرسیارەوە، شێرکۆ پێی وایە کۆمەڵێك هەڵوێست، شاعیر دەگەیەنێتە ئەوپەڕی گەورەیی و بەزیندوویی دەیهێڵنەوە((سەدان ساڵ بەسەر شیعرەکانی حافزی شیرازی و شکسپیرو زۆر شاعیری تریشدا تێپەڕیووەو کەچی تا ئێستەو ڕەنگە تا هەتا هەتایشە بەزیندوویی بمێننەوە بۆچی؟))[38]، هەر خۆی وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی فەزای شیعرەکان وەك فەزای پرسەکان نەمرن))[39] قسەکردن و نوسین لەبارەی ئەو پرسانەی نیشتمانەوە بەگرنگ دەزانێت، هەر بۆیە ئەو زامانە دەکاتە هەوێنی هەڵچوونێکی دەروونی وتوڕەبوون و نائومێدییەکانی دەکاتە بەهانەیەکی گرنگ تا نارەزاییەکانی ناخی دەربڕێت.

ئەم کاتەتان باش!
من ناوم ((نارەزاییە))
لەدایکبوی شاری یاخیبوون و
گەڕەکی برسێتی و کۆڵانی کوێرەوەریم
لێرە بەدواوە من سەر بەهۆزی بێدەنگی نیم.
من ڕێبواری سەر ڕێ و بانی
هەتا هەتای چاوەڕوانی و
دروشمی بێدەست و قاچ نیم.... ل ٨١

2- ناسنامەونیشتمان لە کۆن وئێستادا، هەڵوێست و نارەزایی:

تێکستەکە بەگشتی گێڕانەوەی شیعرییە و جۆرێك لەزمانی حیکایەت بەسەریدا زاڵبووە هەرجارەی لەزمانی کەرەستەیەکی بێگیان و گیانلەبەرێکەوە تورەییەکانی خۆی دەردەبڕێت و جۆرێك لە ڕەوایەتییان پێدەدات، لەگەڵ ئەوەشدا تاکی کوردی بۆ سەلماندنی بوونی خۆی و بەدەستهێنانی مافەکانی جگە لە نیشتمان هیچی تری لەسەردا نییە، کاتێك نیشتمانی لێزەوتکراوەو داگیرکەرەکانی لە هاوزمانەکانی خۆی نین، ئەوکاتە جەسورانە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو نیشتمانە قوربانی گەورە بە گیان و ماڵی خۆی دەدات، هەر ئەوەشە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئومێدی گەورە گەورە لەسەر چەمکی نیشتمان و هەستی نەتەوەیی و ناسنامەو کوردبوونی خۆی

هەڵچنێت و وا لێکیبداتەوە سایەو سێبەری ئەو نیشتمانە، مەنزڵە گەورەکەی حەسانەوەو بەدەستخستنی ماف و داخوازیەکانییەتی، لەو ئانوساتەی نیشتمان ئازادەو خەڵکی ئومێدی زۆریان لەسەر هەڵچنیوە کاتێك نیشتمان بە خواست و ئیرادەی خەڵکە گشتییەکە نایەتەوە و نابێتە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەوان، نائومێدی شوێنی ئومێد و بێزاری شوێنی خۆشەویستی دەگرێتەوە، ئیتر داڕوخان ڕوو لە هیواو ئومێدەکانی خەڵکی دەکات، شاعیریش هەمان پێوەری هەیە یەکێك لە بنەما ڕەوشتییەکان، کە دەکرێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی وەزیفەکانی نیشتمان بۆ خەڵکەکەی ئامادەگی یەکسانی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانییە. کاتێك هەژاران لە ساتە مێژوویەکانی خەباتدا، نیشتمان دەپارێزن، پێویستە لە ئارامییەکانی نیشتمانیشدا ئەوانیش لەسایەیدا بحەسێنەوە.

ئەو شوناسەی شاعیر جەختی لێدەکاتەوە، شوناس و ناسنامەی نیشتمانی هەمووانە، شوناسێکی ڕەسەنی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستانەیە، نەك هیچی تر، بۆیە نابێت خەڵکی لە نیشتمانەکەی خۆیدا بە شکڵ و فۆرمێکی تر بچەوسێتەوە. ئیرادەکانی ئازادی و ژیان و سەربەخۆیی لەناو نیشتماندا مافی هەموو تاکێکە، ئەو پرەنسیپانە لە ڕۆحی دایکە نیشتمان و جەستەی خاك داوادەکرێت بەیەکسانی بۆ هەموو لایەکە. دەبینین ئەو هەڵچوونانەی لای شاعیر لەدەقەکەدا هەیە گۆڕانێکی سەرپێییانە نییە و یاخیبوون و گومانکردن لە نیشتمان شتێکی هەڕەمەکی نییە، بۆیە دەبێت ڕاگوزەر بە نێو ئەو هەموو ئازارانەدا بکەین، کە ئەو بارەی هێناوەتەبوون وا نیشانبدات شاعیر لە هەموو ئەو بیرو بۆچوونە نیشتیمانییانەی خۆی پاشگەزبووبێتەوە، ئەمە لە حاڵێکدا ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەین بیسەلمێنین هەلچوون و هاوسۆزی شاعیر ئەگەر ڕاستیش بێت، تەنها بۆ ئەو تێکستەی شاعیر ڕاستە و دەنا سەرجەمی تێگەیشتن و دنیابینیی ئەو ناگرێتەوە، کاتێك پاش ئەو دەقە والایە، شێرکۆ لە دەقەکانی تر و هەتا نوسینەوەی بیرەوەریەکانیشیدا بە هەمان نەفەسی شیعریی و بە هەمان دنیابینیی پێشوویەوە بەرانبەر بە پرسی نەتەوەو نیشتیمان و مێژووی کورد بەرهەمی هێناوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك تەواوی دەقەکە دەخوێنینەوە ئەو دەنگی ناڕەزاییانەی لە دەقەکەدا دەبیسترێن سەروبنکردنی هەموو ئەو بیرو باوەڕانەی پێشووی شاعیرە، کە لە خۆشویستنی نیشتمان و پاراستنی ناسنامەکەیدا ئومێدی لەسەر هەڵچنیوون، بە جۆرێك وەك ئەوەی پێمانبڵێت پێشتر لە وەهمدا ژیاوە، ئەوە ئەو نەبووە ئەوەندە بۆ نیشتمان گۆرانی چڕیوە، بۆیە دەگەینە ئەو ڕایەیی بڵێین((لەناو خودی شاعیردا گەردوونێك هەیە کە ناخ و دەروونییەتی، هەموو ئەو شتانەی لە جیهانی دەرەوەی شاعیردا هەیە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریلێدەکەن...لەبەر ئەوەی ئەدەب هەڵقوڵاوی باری دەروونی ژیانی کۆمەڵایەتی و واقیعی سەردەمە))[٤٠] . هەروەها شیعر ماکێکی دەروونییە بەتەنها ناتوانێت بژی، بۆیە لەگەڵ ئەزموونەکانی شاعیر قۆناغ بەقۆناغ هەنگاو دەنێت، بەمەش ڕەنگە هەڵوێستی ساتێکی لە ساتێکیتری ژیانی جیاوازبێت، بەمجۆرە دەتوانین بەخوێندنەوەی شیعرەکانی شێرکۆ هەڵسەنگاندنێکی لۆجیکی بۆ سەردەمەکانی ژیانی کورد لە ساتەوەختی لەدایکبوونی دەقەکاندا بکەین، شێرکۆ تا ئەو ساتەی ماڵئاوایی لە ژیانکردووە، نەیتوانیوە لە مومارەسەکردنی سیاسەت و بارودۆخ و ژیانی میللەتەکەی دورەپەرێزبێت، هەرچەندە نیگەرەنیش بووە لە دنیایی سیاسەتکردنی کورد، ئەوەتا خۆی دەڵیت: ((ویستی خۆم نییەو ناچارییە، دۆخ و دۆزی کورد ئەمە دەخوازێت))[٤١] لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە دەقەکەدا خواستی گۆڕانەکان هێندە گەورەیە وا لە شاعیر دەکەن شانازی بە یاخیبوون و نائومێدی و توڕەبوونەکانی خۆیەوە بکات ڕوون و ڕەوان بێزاری خۆی دەربڕێت و بڵی:

من کە شیعر بۆ سیاسەت ئەنووسم
لەو وەختەدا ئەبم بە گوڵدانە گرژو مۆنەکانی
سەر مێزی کۆبوونەوە.
ئەگەر بۆ خۆمی بنووسم
ئەبم بە جۆگە ئاوێکی ڕاستەقینە.
کە بۆ ئەم نیشتمانەی ئێستای بنووسم
ئەبم بە ڕیزێ ژمارەی دزراو. ل ٢٥٤

هەڵوێستی ئێستای شاعیر یان بڵێین دەنگی گەنجە بێزاربووەکەی ناو دەقەکە دەنگی نارەزایی و تورەبوونە، بە پێچەوانەی هەڵوێستەکانی بەرامبەر نیشتمانی پێش ئێستا، کە هەمیشە هێڵێکی پیرۆز و پارێزراوبوو. هەر ئەم هۆکارە دەمانبات بۆ جۆرێکی تری بیرکردنەوە کە ئالودەبوونی سەرجەم کایەکانی ژیان بە سیاسەت، ویستگەکانی کاری ئەدەبی شێرکۆیش توشی جۆرێك لە قورسایی و لەهەمانکاتدا بەرپرسیاری کردووە، ژیانی شێرکۆ دابڕاو نییە لە چالاکی سیاسی و رێکخراوەیی، بەڵام بەئاگاییەوە نایەوێت بێزارییەکانی بشارێتەوە، هەر ئەمەشە بەرپرسیاریەتییەکی ڕەوشی دەخاتە ئەستۆیی و وایلێدەکات توانای ئەوەی نەبێت چاو لە کەموکورتییەکان بپۆشێت، چونکە شاعیر خۆی بەبەشێکی جەستەی خەڵك و ناسنامەکەشی دەزانێت ئەوەتا زامی خاك و چەمکی فیدراڵی لەم چەند دێرە لێکداوە تا پەیامێکی تری بێزاری بکاتە بەهانەی هەڵچوونەکانی:

"من گوێم لێیە

لێرە خاک نرکەنرکێتی و ئەناڵێنێ و

ئەوەندەیان لێدزیوە

لەمسەرەوە

هەتا ئەو سەری فیدراڵی

هەموو جەستەی کوناودەرە". ل ٣١

لەم تێکستەشدا شاعیر بە بونیادێکی قوڵ و گەورەتر قسەدەکات، هەڵچوونەکانی نرخ و بەهایەکی تر بە شیعرەکانی دەدەن، لە کاتێکدا شیعری کردۆتە سەنگەری بەرگری دژ بە نادادی و نایەکسانی و چەوساندنەوە، هەربۆیە شیعرەکانی بەوجۆرە ئاوازە کە شانبەشانی گۆڕانکارییەکان هەنگاو دەنێت جۆرێك لە نەمری بۆخۆی بەدەستدەهێنێت، نەك ئەوەی خوێندنەوەیەکی دووڕوویانەی بۆ بکرێت.

شاعیر جارێکی تر نایەوێت تەسلیمی ئەو تەلیسمە ببێت لە ناو چوارچێوەیەك کە ناوی وڵاتە بە پیرۆزی بزانێت، لەکاتێکدا دەبێتە چەتەو مانایەك بۆ خۆشەویستی ناهێڵێت:

کە وڵات بوو بە چەتەوڵی هەڕەشە و

چی دەرگایە لێی داخستی

ئیتر شتێک نییە لەودا هەرگیز

تۆ پێی بڵێی خۆشەویستیی." ل ٢٢

ئەو پابەندییەی لە شوناس و کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی ئێمەدا هەیە وایکردووە لەسەر ئاستی بیرکردنەوە گشتییەکان لەگەڵ ناسۆری یەکتر بژین، بۆیە شێرکۆ دەڵێت:

ئەمەی ئەینووسم

شیعر نییە... خۆڵەمێشە.

چیرۆك نییە... زوخاوڕێژە.

شانۆ نییە... دیالۆگی نێوان زامەکانە

تابلۆ نییە... جەستەی منداڵی نەخۆشە

لە باوەشی برسێتیدا. ل ١٨٢

ئێمە میللەتێکی ژێردەستەبووین بۆیە لە خەمی خاك و نەتەوەدا فەزایەکی فراوانمان بۆ ڕزگاری نیشتمان دروستکردبوو، لەوکاتەی نیشتمان ئازادی بەدەستدەهێنێت، هەموو ئەو هیواو ئومێدانەی لە سەر ئەو ئازادییە هەڵچنراون پێویستیان بە تەحقیقکردنی هەمەلایەن و بۆ هەمووان هەیە، کاتێك سودمەندانی یەکەم لەبەرهەمی ئەو ئازادییە کەمینەیەکی توێژەکانی سەرەوەن، بەهەموو جۆرێك دەبەن و هەژاران و خەڵکانی ئاسایی لە خۆشییەکانی نیشتمان مەحروم دەبن، ئەوکاتە برین لە

جەستەو ڕۆحی تاکی کورد دروستدەبێت توڕەبوون و یاخیبوون سەرهەڵدەدات و شیعرو شاعیریش ناتوانن لەو واقیعە دابڕاوبن، بۆیە شێرکۆ ناتوانێت بێدەنگ بمێنێتەوە ئەو نادادیانە بەمجۆرە وەسف دەکات:

"ئەم دەست بەو دەستی نەزانی پەنجە دزرا!

ئەم قاچ بەو قاچی نەزانی ڕێگە دزرا!

ئەم چاو بەو چاوی نەزانی سەرنج دزرا!

ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی فڕین دزرا.

سارو مارە ...سارو مارە

ئەم دیرۆکی دەسەڵاتی سەرزەمینە و

بۆنی دەمی درۆکانی ئەم ڕۆژگارە"! ل ٣٣

کورسی دەسەڵات لەم وڵاتەی ئێمەدا عەرشێکی پڕ لە فەڕوو بەرەکەتە بۆ ئەوانەی یەکجار لەسەری دادەنیشن، بۆیە ئەیانەوێ تا کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیان بۆ یەك ساتیشش لێی هەڵنەسن، کەچی بە پێچەوانەوە هەر ئەم کورسییە بۆ هەژاران و خەڵکانی ڕەشۆکی و سادە بۆتە مۆتەکەو سەرەخۆرە، ئەمەش فاکتەرێکی تری کاریگەرییەکانی هەڵچوونی دەروونی لای شێرکۆ دێننە بوون لە سەر زاری کورسییەوە دێتەگۆ:

مەرحەبا ...گیانە ...مەرحەبا!

من ناوم کورسییە

کەس نەیزانێ من ئەیزانم

ئەم هەموو چەقۆی غەدرانە

ئەم هەموو جۆگەی خوێنانە

ئەم هەموو ماسکی دزیانە

ئەم هەموو ڕەژووی ڕقانە

لەسەر منە!

لەسەر دانیشتنی سەر من ئەکرێن!

بەڵام ناڵێن کەسیان ناڵێن لەسەر منە!

هەموو ئەڵێن لەبەر چاوو

باڵای جوانی ئازادییە! ل ٤١

کاتێك نیشتمان ئەرك و وەزیفەی خۆی لەدەستدەدات، ئالێرەوە گلەیی دەبێتە ڕاستییەکی تاڵ و خۆشەویستی نیشتمان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە ، چونکە نیشتمان لە چوارچێوەی ئارامی و ئازادییەکەیدا بۆ هەمووان نەبێت و جیاوازی بکات، ئیتر نە هەتیوێکی بێ جلوبەرگ پۆشتە دەکاتەوە و نە دەبێتە نانێك سکێکی برسی لە ئازار ڕزگاربکات و ماچێکی خۆشەویستیش ناداتە عاشقانی، شاعیر لەمەش بە گلەییە:

هەزار ماچی نیشتمانەکەی خۆم کردو

ئەو یەك ماچی نەکردمەوە.

بەزۆر نییە

خۆشەویستی ئاڵا نییە دروستی کەم

یان تابلۆیەك بیکڕمەوە ل ٢٤٢

ئەم هەنگاونانەی شاعیر پێچەوانە ناوەستێتەوە لەگەڵ چەمکی لۆجیك، بەڵکو عاتیفەو سۆزی کوێرانە داخاتە چوارچێوەی گومان، هەر خۆی پرسیار گەلێکی وا دێنێتە ئاراوە ڕەوایی بەجۆری هەڵوێستەکانی و مەحکەمکردنی بیروباوەڕەکانی لەبارەی نیشتمانەوە بچەسپێنێت، بە جۆرێك کەسێك زاتی ئەوەنەکات بڵێت بۆ ئەم هەڵوێستەی ڕاستەوڕاست پێچەوانەیە لەگەڵ

هەڵوێستەکانی پێشووی بەرامبەر نیشتمان، شێرکۆ بەجۆرێك لەپاساوەکانی هاتنەدنیای ئەم دەقە ئاڵاوە، کە هەموو پەسەندی دەرکەوتەکانی هەڵچوونەکەی بکەن، پێماندەڵێت ئەگەر نیشتمان لەسروشتی باوی خۆی کە خزمەتکردن و پاراستنی کەسایەتی تاکەکانیەتی لابدات ئەوا هاونیشتمانیانیش ئەگەر بۆساتێکیش بێت مافی نائومێدی و تووڕەبوونیان هەیە، هەڵچوونەکانی شاعیر لێرەوە جۆرە ئاراستەیەکی تازە دەخاتە نێو بیرکردنەوەی تاك و کۆمەڵ بەرامبەر چەمکی موقەدەسکردنی نیشتمان، بیرکردنەوەکان بەجۆرێك دەشلەقێنێت کە هەموو مافی ئەوەیان هەیە بەرامبەر جیاوازییەکانی بێنەگۆ، لەو ساتەدا شاعیر جیاوازییەکان بەمشێوەیە دەرکدەکات:

"لە ماڵەوە ڕۆژێ سفرەکەمان وتی:

لە نێو ئێمەیشدا بەختەکان لەیەکتر جیان!

تیاماندایەو گەلێ زۆرن ئەو سفرانەی

هەتیوبارو بێوەژنن و تەنها جارێک

"سەری خۆیان "نەدیوە پڕێ لە قاپی

سک بەختەوەر !بیرم نایە نانێکی من لە دڵەوە

پێکەنیێ و کەوچکێکم وتبێتی: وا تێرم خوارد"! ل ٥٢

3- کاریگەریە دەروونییەکانی شاعیرو چەمکی یاخیبوون:

لەسەرەتای لەدایکبوونی ئەم دەقە واڵایە، بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکان بە ئاراستەی خوێندنەوەیەکی یاخیبووانەی شاعیرەوەبوون لە نیشتمان، تێڕوانینی ئێمە خوێندنەوەیەکی کورتبینانەیە، بەڵام ئەو خوێندنەوانەش جۆرێك لەڕەوایدانبوون بە تووڕەبوونەکانی شاعیر بەبێ ڕەچاوکردنی مێژووی دووری خەبات و تێکۆشانەکانی خودی شاعیر لە پێناوی نەتەوەو نیشتمان و ئەو سنورە چەسپاو و پیرۆزانەی لای شاعیر وەك بیروباوەڕو ئایدیای نەگۆڕبوون، ئەڵبەتە لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بە هەڵەتێگەشتنی لەقەڵەم بدەین و پێوەرەکان لە چوارچێوەی هەڵچوونەکانی شاعیردا لەو سات و کاتەی دەقەکە نووسراوە لێکبدەینەوە، ئەمەش نەك لەپێناوی بەرگریکردن لەکەسییەتی شاعیر وەك ئەوەی لە قەفەزی تاوانباردابێت و ئێمە بمانەوێت دەربازیبکەین، بەپێچەوانەوە کاتێك بارودۆخێکی ناجێگیر و دور لە ویستوخواستی خەڵکی بە ئاراستەی دژ بەبەرژەوەندییە ڕەواکانیان دێتەبوون ناکرێت هیچ کەسێك تاوانباربکرێت بە لادان لە هەندێ پرانسیپی گشتی و باو، بەڵکە نرخاندنی هەڵوێستەکانی ئەو سات و کاتەی شاعیر بە جۆرێکیتری مرۆڤدۆستی و میللەتپەروەری لەقەڵەم دەدرێن و نرخ و بەهای زیاتری شاعیرییەتی بە شێرکۆ دەبەخشت، هەربۆیە لەو لەحزانەدا پەیامی شیعر بەبەشێك لە خزمەتی خواستەکانی خەڵك لەنەزەر دەگیرێت و هەر لەو ئان وساتانەدا لەگەڵ کەموکوورتییەکان خەم دەنووسێت و هاوشانی داخوازییەکانیان لە بەرگری و ڕەخنەگرتندا دەبێت، هەمیشە ئەوە لە شیعرو شاعیر داخوازە، کە ناوازەو تاقانەبن، بتوانن بە فۆرمی نوێوە خۆیان نمایش بکەن، ئەمەی شێرکۆ جۆرێکە لەو تاقانەییەی کە پێماندەڵێت: دەتوانرێت لەدەرەوەی ئەو دنیابینییەی خۆتەوە کار بکەیت و هەڵچوونەکانت کپنەکەیتەوە تا شیعر بتوانێت وەزیفەکانی خۆی بەرجەستەبکات، بەختیار عەلیش دەڵێت:((شیعر ئەوەیە دێت و دووبارە نابێتەوە، ئەو پرۆسەی هاتن و دووبارەنەبوونەوەیە ئەو پرۆسە تاقانەو ناوازەییە، هەندێك جار لەدەرەوەی هەرئایدۆلۆژیایەکی تازەگەری ئیشدەکات...جیاوازی بەشێکە لە پرۆسەی داهێنانی شیعر خۆی))[٤٢]، هەروەها دەڵێت:((شیعر ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی ناوازەیی و تاقانەیی خوددا دەبینێت، واتە شیعر گەیاندنی شاعیرە بە جۆرێك لە فەردانییەتی قووڵ و بە شوناسێکی شەخسی ئەوتۆ کە دەرفەتی فڕینی لە کۆی گەمارۆکان و کۆی جەبرەکان دەداتێ))[٤٣]. بەئاشکرا هەم ناوازەیی و هەم فەردانییەتی قوڵی شاعیر لەدەقەکەدا دەبینرێت بەجۆرێك خوێندنەوەکانی هێنابوویە سەر ئەو ڕایەی ئەمە یاخیبوونی شێرکۆیە لە نیشتمان ئەوەتا خودی شێرکۆش دەڵێت:

من هاووڵاتی خەریتەی

نیشتمانێکی دزراو نیم

نیشتمانێ هەموو جارێ یان پەنجەیەکی ئەفڕێنن.

یان گوێچکەیەکی و یان چاوێکی ون ئەکەن و
یان وشەیەکی زیندەبەچاڵ ئەکەن و
کەچی نە هاوارێ ئەکات و
نە برینێکی ڕائەچڵەکێ! ل ٨١

ئەوەی ڕوونە ئینتما بۆ نیشتمان تەنها بە شتێکی ڕەمەکی و بێبنەما نایەتە ئەژمار، لای شێرکۆ ئینتما بۆ نیشتمان زیادو کەمدەکات، کاتێك نیشتمان لە ئەرکەکانی خۆی تەوەلابوو ڕێتێدەچێت ئینتماو خۆشەویستی بۆی لاوازببێت، بەهەمان شێوە دەکرێت ئەو تێروانینانە بەرامبەر خۆشەویستی نیشتمان زیادبکات تا ئەو ڕادەیەی گۆرانی بۆ بچڕێت و شیعر بکاتە باڵاگەردانی، ئەوەتا هەرخودی خۆی وا دەڵێت: ((نیشتمان و ئینتما بۆ بیرباوەڕێك تەنانەت بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی و هەموو ئەو پەیوەندی و پەیامانە هەر ئەکەونە خانەی کاتییەوە، چەند پیرۆزو جوانیش بن کاڵ ئەبنەوە یان بەسەر ئەچن، لەسەردەمێکا گەرم و لەسەردەمێکی تردا سارد ئەبنەوە، هێزی بەردەوامیان تاسەر نابێ بەهاتنەدی خەونەکان ئەکەونە کەنارەوە))[٤٤] .
دەتوانین لەسەر ئەزموونی شاعیر ئەو بۆچوونە بکەینە پێوەرێك و دەقەکە نەبێتە هەڵوێستێکی ڕادیکاڵی و بنچینەیی نەگۆڕ لەسەر ئینتما یان بە ئاراستەی دژە باو و دژە نیشتمان. ئەوەی ماوەتەوە تیشکی بخەینە سەر و بەڵگەی سەلماندنی ڕاستیی بۆچوونەکانی نێو توێژینەوەکە بێت ((چەندە سەیرە دوا شیعری شێرکۆ کە کورتە شیعرێکە بۆ پابلۆ بە وشەی (کوردستان) تەواو دەبێ! چ سەیرو سەرنجڕاکێشە ئەو دوا وشەیەی ئەم پیاوە دەیخاتە سەر کاغەز وشەی کوردستانە))[٤٥]، کە ئەوین و خۆشەویستی لێدەچۆڕێت و لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا پەیامی هاوسۆزی بۆ نیشتمان دووپاتدەکاتەوە:

دوو مۆم و خۆم
هەتا ئەوپەڕی شەبەق
ئاوات ئەڕۆم...
ساڵێکی تر ئەبم بە سێ ڕێژنە باران
لەسەد ساڵی داهاتوویشدا
سەری ساڵان
ئەبم بە مانگ و هەڵدێم و
هاوار ئەکەم
چەند مەزنەو چەندە جوانەو
چەند دڵگیرە
تریقەی من و کوردستان [٤٦]

ئەنجام:

1- ئەو هەڵوێستەی شێرکۆ لە ئێستا کچێك نیشتمانەدا نواندوویەتی، هەڵوێستێکی شیعریی تایبەتە و بەدەرە لە کۆی ئەزموونی شیعریی ئەم شاعیرە.
2- شیعر جوڵەیەکی ئازادە بەرەو ئەو ئاراستەیەی پەیامێکی مرۆڤدۆستی بۆ خزمەتی هەمووان بەرجەستەبکات، بۆیە ناتوانێت دابڕاوبێت لە خواستی خەڵك و لێیان دوربکەوێتەوە.
3- هەڵەتێگەیشتنێك هەیە، بەوەی گوایە شێرکۆ لە بیرو بۆچوونە نیشتمانییەکانی خۆی پاشگەزبووەتەوە، ئەمە ئەگەر ڕاستیش بێت، تەنها بۆ ئەو تێکستەی شاعیر(ئێستا کچێك نیشتمانە) ڕاستە و دەنا سەرجەمی تێگەیشتن و دنیابینیی ئەو ناگرێتەوە.

4- شێرکۆ بە درێژایی تەمەنی خۆی و ئەزموونە شیعرییەکەی، هەرگیز نەیتوانیوە لەو پرەنسیپە گشتییانەی هێڵی بیرکردنەوەو دنیابینی خۆی لابدات، بەتایبەت بەرانبەر بە مەسەلەی نیشتیمان و نەتەوە، بەشێوەیەك کە دەتوانین بڵێین: سێینەی (مێژوو، کورد وتراژیدیا) کۆی ئەزموونی ئەم شاعیرە پێکدەهێنن.

5- ئەو هەڵچوونەی لەم دەقەدا هەیە، هەڵچوونێکی کاتییەو ماوە درێژ نییە و جۆرێك بایەخی زیاتری بە شیعرو شاعیرییەتی شێرکۆ بێکەس بەخشیوەو لەبری دروستببونی تانە لەسەر شیعرەکانی، قۆناغێکی تر و گورێکی تری بە ئەزموونی شیعری ئەو داوە.

6- هەموو مرۆڤەکان بەدەر نین لە حاڵەتی هەڵچوون و هەڵچوون لای شێرکۆش بە وشە گوزارشتی لێکراوە، بەپێی خوێندنەوەی دەقەکانی پێشتر و دواتری ئەم دەقەی شاعیر، لەوە حاڵی دەبین سنوری پیرۆزییەکانیش، تەنها لەسەر ئەزموون وسۆزی تاکە کەس ناوەستێت لە کاتێکدا ژیان خۆی لە ژێر کارتێکردن وکاریگەریدا بەردەوامی هەیە.

پەراوێزەکان:


1 - شێرکۆ بێکەس ، ئێستا کچێك نیشتمانمە، چاپی یەکەم/ چاپخانەی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2011، ل319.

٢ - بروانە: شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لەپەرەی گوڵاڵە، چاپی یەکەم/ چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، 2012.

٣- عزالدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی شەشەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥ ، ل ٨٠ .

٤- دەڕوانرێتە: د.کامل حەسەن بەصیر، ڕەخنەسازی، مێژوو پەیرەوکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغداد، ١٩٨٣، ل١٧١ – ١٧٢ .

٥ - هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣ .

٦- دەڕوانرێتە: د. کامل حەسەن بەصیر، مێژووی ڕەخنەسازی، بەرگی یەکەم، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٤ ، ل٣٨ .

٧ - دەڕوانرێتە: هەمان سەرچاوە، ل٣٩ – ٤٠ .

٨- د.ناصرکاظم خانلو و زیبا اسماعیلی، نگارش و ادبیاتی فارسی، چاپ: اول، انتشارات مبنای خرد، تهران، ١٣٨٨ ،ص١٦٧ .

٩- دەڕوانرێتە: توفیق الزیدي، مفهوم الادبیة في التراث النقدي، طبعة الثانیة، المطبعة النجاح الجدیدة – الدار البیصاء، ١٩٨٧، ص٣.

١٠- دەڕوانرێتە: یحی معروف & مسلم خزلی،نقد روانشناسی شخصیت در اشعار متنبی، مجله ادب عربی،شماره(٢)،سال(٥)، پایز و زمستان ١٣٩٢، ص١٩٣.

١١- دەڕوانرێتە: الدكتور محمد عیسی،القراءة النفسیةللنص الادبي العربي،مجلة جامعة دمشق،المجلد ١٩، العدد(١-٢)،٢٠٠٣، ص٢١.

١٢ - دەڕوانرێتە: د.کەریم شەریف قەرەچەتانی،سایکۆلۆژیای گشتی،چاپی چوارەم،چاپخانەی پیرەمێرد،سلێمانی،٢٠١٥، ل٢٩٤ .

١٣ -زین الدین المختاری، المدخل الی نظریة النقد النفسي،انتشارات الكتاب العرب، ١٩٩٨ ، ص١٠ .

١٤ - سیغموند فروید،مختصر التحلیل النفسي، الطبعة الثاني، دارالطلیعة،بیروت – لبنان،١٩٨٦، ص٩ .

١٥ -یوسف عوسمان حەمەد، دەروونزانی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕەنج،هەولێر،٢٠٠٤، ل١٥٩.

١٦ - دەڕوانرێتە: زین المختاری ، ص١٠.

١٧ -سیغموند فروید، ص١٠.

١٨ -سۆزان جمال، لەگەڵ سایکۆلۆژیادا، چاپخانەی کاردۆ،سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٧٥.

١٩- دەڕوانرێتە: د.سەعید شاملۆ،قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی،وەرگێڕانی: فرمێسک ڕزگار & سیدۆ داود،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠ ، ل٤٣.

٢٠ - هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

٢١ - دەڕوانرێتە: د.عبدالقادر حمەامین محمد،بنیاتی کارنامەیی لەدەق نوێی کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل١٢١.

٢٢- سۆزان جمال، ل١٧٧.

٢٣- د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، ل١١٤.

٢٤ - هەمان سەرچاوە، ل١١٥.

٢٥ - عزالدین احمد عزیز،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،چاپی شەشەم، هەولێر، ٢٠١٥ ، ل٨٠ .

٢٦- عەبدولخالق یەعقوبی، لەکولتورەوە بۆ ئەدەبیات، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٨ .

٢٧ - هەمان سەرچاوە ، ل٨٦ .

٢٨ - د.عبدالقادر حمەامین محمد، ل١٢١ .

٢٩- عزالدین احمد عزیز، ل٨٥ .

٣٠- دەڕوانرێتە: د.سەعید شاملۆ، ل٥٥ .

٣١ - ئەبرامز، تیۆرە مۆدێرنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، وەرگێڕانی عوسمان ئەحمەد، چاپی یەکەم / چاپخانەی ژیر، 2009، سلێمانی، ل125 .

٣٢ - شێرکۆ بێکەس ، ئێستا کچێك نیشتمانمە... ل290 .

٣٣ - هەمان سەرچاوە ل328 .

٣٤ - هەمان سەرچاوە ل295 .

٣٥- کەمال مەعروف. تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم/ چاپخانەی لەریا، 2012، سلێمانی، ل52 .

٣٦ - صلاح فضل(د)، میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی(د). چاپی یەکەم/چاپخانەی ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2016 ، ل68.

٣٧- هەمان سەرچاوە، ل69.

٣٨- شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم/چاپخانەی کارۆ، 2013، ل353.

٣٩ - هەمان سەرچاوە، ل 353.

٤٠ - تاریق ساڵح، وێنەی هونەری لەهەندێك شیعری گۆراندا، گۆڤاری ڕامان، ژ(199) 2013/12/5.

٤١ - هەڵۆ شێرکۆ بێکەس، سەدویەك ڕۆژ تەنهایی، چاپی یەکەم/چاپخانەی یادگار،2018، ل88 .

٤٢ - بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، چاپی یەکەم/چاپخانەی تاران، 2015، ل296 .

٤٣ - هەمان سەرچاوە، ل 297.

٤٤ - شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، بەرگی دووەم، .2013 ، ل354 .

٤٥ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل9.

٤٦ - هەمان سەرچاوە ، ل121.

لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم:کتێب

کوردییەکان:

1) ئەبرامز، تیۆرە مۆدێرنەکانی ئەدەب و ڕەخنە، وەرگێڕانی عوسمان ئەحمەد، چاپی یەکەم / چاپخانەی ژیر، سلێمانی، 2009 .
2) بەختیار عەلی، نەرسیسی کوژراو، چاپی یەکەم/چاپخانەی تاران، 2015
3) سۆزان جمال،لەگەڵ سایکۆلۆژیادا،چاپخانەی کاردۆ،سلێمانی،٢٠١٢.

4) سەعید شاملۆ(دکتۆر) ،قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی،وەرگێڕانی: فرمێسک ڕزگار & سیدۆ داود،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج، سلێمانی،٢٠١٠.
5) شێرکۆ بێکەس ، ئێستا کچێك نیشتمانمە، چاپی یەکەم/ چاپخانەی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2011 .
6) شێرکۆ بێکەس، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم/چاپخانەی کارۆ، 2013.
7) شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لەپەرەی گوڵاڵە، چاپی یەکەم/ چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2012.
8) صلاح فضل(د)، میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی(د). چاپی یەکەم/چاپخانەی ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2016 .
9) عبدالقادر حمەامین محمد(دکتۆر) ،بنیاتی کارنامەیی لەدەق نوێی کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨ .
10) عزالدین احمد عزیز، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥.
11) عزالدین احمد عزیز،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،چاپی شەشەم، هەولێر، ٢٠١٥.
12) عەبدولخالق یەعقوبی، لەکولتورەوە بۆ ئەدەبیات، چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨.
13) کەمال مەعروف. تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم/ چاپخانەی لەریا، سلێمانی، 2012
14) کامل حەسەن بەصیر(دکتۆر)، ڕەخنەسازی، مێژووپەیڕەوکردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٣.
15) کامل حەسەن بەصیر(دکتۆر)، مێژووی ڕەخنەسازی، بەرگی یەکەم، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٤ .
16) کەریم شەریف قەرەچەتانی(دکتۆر) ،سایکۆلۆژیای گشتی،چاپی چوارەم،چاپخانەی پیرەمێرد،سلێمانی،٢٠١٥.
17) هەڵۆ شێرکۆ بێکەس، سەدویەك ڕۆژ تەنهایی، چاپی یەکەم/چاپخانەی یادگار، 2018
18) یوسف عوسمان حەمەد، دەروونزانی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕەنج،هەولێر،٢٠٠٤.

عەرەبییەکان:

19) زين الدين المختاري، المدخل الى نظرية النقد النفسي،انتشارات الكتاب العرب،١٩٩٨.
20) توفيق الزيدي، مفهوم الادبية في التراث النقدي، طبعة الثانية، المطبعة النجاح الجديدة – الدار البيصاء، ١٩٨٧.
21) سيغموند فرويد،مختصر التحليل النفسي، الطبعة الثاني، دار الطليعة،بيروت –لبنان،١٩٨٦.

فارسییەکان:

22) ناصر كاظم خانلو(دكتر) وزیبا اسماعیلی، نگارش و ادبیاتی فارسی، چاپ: اول، انتشارات مبنای خرد، تهران، ١٣٨٨.

دووەم: گۆڤارەکان:

کوردی:

23) ڕامان ژ(199)، 2013/12/5.

عەرەبی:

24) مجلة جامعة دمشق،المجلد ١٩، العدد(١-٢)، ٢٠٠٣.

فارسی:

25) مجله ادب عربی،شماره(٢)،سال(٥)، پایز و زمستان ١٣٩٢.

پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (هەڵچوون وەك دەرکەوتەیەکی دەروونی لە دەق (ئێستا کچێك نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس-دا) هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی لایەنەکانی کاریگەربوونی شێرکۆ و هۆکارەکانی هەڵچوونی لەدەقەکەدا.

لەم توێژینەوەدا کار لەسەر ڕاستکردنەوەی چەمکی ئەو هەڵە خوێندنەوە دەکەین کە بۆ بیروباوەڕو ئایدیای شاعیر کراوە بەوەی گوایە شاعیر لە بیروبۆچوونە نیشتیمانییەکانی خۆی پاشگەزبووەتەوە.

پێشگریمانەی ئەم لیکۆلینەوەیە ئەوەیە کە هەڵوێستی شاعیر هەڵچوونێکی دەروونی و کاتیی بێت، چونکە لە دیوانی (ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە) دا کە دووساڵ دواتر چاپبووە دەبینین گەڕاوەتەوە سەر هەمان هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

لە پێشەکی و دوو بەش وئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت

بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم، باسی تیۆری دەرونشیکاری و ئەو بنەما و دیاردە دەرونیانەمانکردووە، کە کاریگەری دروستدەکات لەسەر جیاوازی ڕەفتارو گوفتارەکانی مرۆڤ

تەوەری دووەم: پەیوەندی دەرونشیکاری و بەرهەمی شیعری باسکراوە.

بەشی دووەم:

تەوەری یەکەم: (خوێندنەوەیەکی گشتیی دەقەکەو سەردەمی بەرهەمهێنانی)

تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی چەمکی هەڵچوون و دەرکەوتەکانی حاڵەتی هەڵچوون لە((ئێستا کچێ نیشتمانمە))دا.

وشە کلیلییەکان: (شێرکۆ، نیشتمان، هەڵچوون ، یاخیبوون)